ئایا ئێوە لە نێو (ناز ونیعمەتی) خواردن وخواردنەوە نین هێندەی بتانەوێت؟ پێغەمبەرەکەتانم بینی -صلى الله عليه وسلم- کە (تەنانەت) خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بۆئەوەی گەدەی پێ پڕ بکاتەوە

نوعمانی کوڕی بەشیر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئایا ئێوە لە نێو (ناز ونیعمەتی) خواردن وخواردنەوە نین هێندەی بتانەوێت؟ پێغەمبەرەکەتانم بینی -صلى الله عليه وسلم- کە (تەنانەت) خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بۆئەوەی گەدەی پێ پڕ بکاتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

نوعمانی کوڕی بەشیر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەو ناز ونیعمەتە دەکات کە خەڵکی تێیدان لە سەردەمی ئەودا، وهێندەی ویستیان لەسەر بێت خواردن وخواردنەوە بۆ خۆیان گل دەدەنەوە، پاشان باسی حاڵی پێغەمبەری کرد -صلى الله عليه وسلم- کە تەنانەت خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بۆئەوەی گەدەی پێ پڕ بکاتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4244